# وانەکانی ڤێتنام

نووسینی : هێنری کسینجەر

وەرگێڕان و کورتکردنەوەی: ڕازاو حەمە تاهیر

جەنگی عێراق بۆ جەنگی ڤێتنام بیرخستنەوەیەک بوو، بۆ هەموو نەوەکانی ئەمریکا هەندێ ڕوونکردنەوەی سیاسی گرنگی پێبوو، بەڵام ئەمە هیچ بەرهەمێکی ڕوونی بۆ وانەکە نەبوو. بێگومان مێژوو دەقاوق خۆی دوو بارە ناکاتەوە. ڤێتنام وعێراق لەناکۆکی و کاتەکاندا لە یەکتری جیاوازن ، بەڵام لێکچوونی گرنگیان هەیە. ئەوخاڵەش لەماوەی جەنگی ڤێتنام، کاتێک گفتوگۆکردنی ناوخۆیی بە گوێرەی نەهێشتنەوەی گفتوگۆکردنی عەقلانی و بەڕێوەبردنی سیاسی و رامیاری لەهەردوو حیزبە سیاسیەکان زۆر قورس بوو، هەروەها دەرکەوتبوو کە مانەوەی باشوری ڤێتنام بەرژەوەندی گرنگی نیشتیمانییە، ئەمان بەشێوەیەکی وا خۆیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی پێشاندەدا بەوەی کە لەئەنجامی شەرەکەوە تاوان بارکرابوون، بۆ خۆ پاکردنەوەیان بە ڕێگەیەکی جیاوازتر. ئەم هەنگاوانەی کە لە ڤێتنام بەرانبەر وڵاتە یەکگرتووەکان کران مەرج نی یە کتومت لەعێراق دووبارە بکرێنەوە.

لە ڕوانگەی شەڕی ڤێتنامەوە دوو پرسیاری هاوشێوە دێتە بەرچاو:

١- ئایا پاشەکشێی تاک لایەنە تاکە ڕێگەی چارەسەری {نیکسۆن} بوو کاتێک نوسینگەی بەڕێوەبردنی کردۆتەوە؟

٢- کاریگەری کاتی جێبەجێکردنی نەخشەکەی {نیکسۆن}بوو پەتی چاوەڕوانی گەلی ئەمریکای پساندو چاوەڕێی بەرهەمەکەیان نەکرد؟! ئەگەرچی لەوە نەبوو بەرهەمێکیشی هەبێت ! کاتێک سەۆک نیکسۆن گەیشتە نووسینگەی تایبەتی خۆی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠سەربازی ئەمریکی لە ڤێتنامدا بوون، ئەم ژمارەیە لەزیاد بوونیشدا بوو.

هەڵوێستی فەرمی ئیدارەی {جۆنسۆن} بۆ کشانەوەی ئەمریکا بە یەکجاری ٦ مانگ دوای کشانەوەی لە باکوری ڤێتنامەوە هات. پرەنسپی شەقامی دۆڤ "dove" کەلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پیران" Robert f kennedy و george mc govern ەوە پێشنیار کرابوو، بە پێی ڕێکەوتننامەی دیموکراتی لە ساڵی ١٩٦٨ هەڵوەشابووەوە ،کە پاشەکشێی ئاڵوگۆرکردن .بەوپێیە هیچ گروپێک لایەنەکەی تر ناچار ناکات بۆ پاشەکشێی ئاڵوگۆرکردن.بەمپێیە هیچ گروپێک لایەنەکەی تر ناچار ناکات بۆ پاشە کشێ "پاشە کشێی یەک لایەنە نییە. هیچ پاشە کشێیەکی تاک لایەنە ڕووی نەدا بوو بۆ ئەوەی بۆ زیاتر لە نیو ملیۆن سەرباز نەبێتە کابوسێکی لۆجستیکی، هەرچەندە لەکاتێکی ئاشتیخوازانەدابوو، بەڵام زیاتر لە ٦٠٠ ٠٠٠ هێزی چەکداری کۆمۆنیستی لەناو خاکی ڤێتنامدا هەبوون، کە هێزی زۆری ڤێتنام لە باشوور پەیوەندی پێوەکردبوون. ئەوانەی کە هەستیان بەبەشخوراوی دەکرد لەلایەن ئەوانەی کەخۆیان بە پشتیوان ئەزانی، بۆیە بریاریان دابوو نەچنە ناو ئەو خۆشبەختییەی کە کۆمۆنیستەکان بەڵێنیان پێدابوون. هەرچەندە هێزە ئەمەریکایەکان بوونیان هەبوو، بەڵام .سیاسەتێکی بەدیل نەبوو. لەم کاتەدا " Hanoi" – مەبەسی پایتەختی ڤێتنامە-سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی ئاگر بڕ، بەپێی دوو مەرجی پێشوەختی ئەمەریکا، مەرجی یەکەم: لە شکستی ئەمەریکا لەباشووری ڤێتنام ئەوەبوو کە پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی باشوور لە شوێنی خۆیان دەمێننەوەو لەگەڵ هێزی کۆمۆنیستەکان جێگۆڕکێیان پێناکرێ و ئەوان جێگەیان ناگرنەوە.

مەرجی دووەم: نابێ هیچ مەرجێک سەبارەت بەکاتی کشانەوەی هێزەکان دانەنرێ کە ئەمەش بۆ خۆ دەرباز کردن بوو لە ڕێکەوتنەکە.

لە لایەکی دیکەوە گرنگی گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنەکان هەبووبوو، بەڵام هێزە ڤێتنامییەکان لەلاوس و کەمبۆدیا و لە باکوری ڤێتنامدا خۆی لە خۆیدا بۆ نەبوونی هیچ ڕێکەوتنێکی گونجاو جێگەی مەترسی و هۆشیاریی بوو. "نیکسۆن"- سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا- پوختەی هەڵبژاردنەکانی دیاری کرد، کاتێک کە لە ساڵی ١٩٦٩ هێنرایە ئاراوە : دەبێ ڤێتنام بە جێبهێڵین بەو ناوەی کە ئەمە چالاکی خۆمانەیە،؟! بەجێهێشتن بۆ کۆمەنیستەکانیان بێ یان بەجێهێشتن وەک هەڵبژاردنێک بۆ ئەوەی سەربەستی بدەین بە خەڵکی ڤێتنام ؟ گرفتێکی هاوشێوە بۆ پێکهێنانی پاشەکشێی یەک لایەنە لە عێراقیشدا هەیە .

کاتێک ڕێکەوتنەکان هەرەسیان هێنا، ئیدارەی Nixon بێگوێدانە ستراتیژیە سیاسیەکانی لە ڤێتنام تەریک و گۆشەگیرکەوت .لە نێوان ساڵانی- ١٩٦٩و١٩٧٢دا بە ژمارە ٥١٥٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی پاشەکشێیان کردبوو ،کۆتایی بەمەیدانی ململانێی ئەمەریکا هاتبوو ، چونکە ساڵی ١٩٧١ بۆ سەردەمی فەرمانرەواییەکی لاوز گەڕابۆوە، بەرێژەی ٩٠% لێکچوونی ئەو پاشەکشێیە لەگەڵ ئەو کۆنترۆڵکردن و تەحەدا کردنەی ئیسلامییە رادیکاڵەکان لە عێراق دا هەیە. ڕاستیەکەی شکتس لە ساڵی ١٩٧٢ لە ڤێتنامدا ڕووی دا، لەبەرئەوەی نەخشەی کۆتایی ستراتیژیەتی ئیدارەی ئەمەریکا لە باکوری ڤێتنام هیچ ئامادەکاریەکی بۆ وەرزی بەهار نەکردبوو. لەو شوێنەدا کاتێک ئەمەریکا نازناوی دۆڕانی لەباکوری ڤێتنام وەرگرت، Hanoi هانۆیش خۆی بەدۆڕاو دۆزیەوە، چونکە وەک ئەنجامێک بۆ کردنەوەی بەرووی وڵایتی چیندا بوو. لە ساڵی ١٩٧٢پەکین ویەکێتی سۆڤیەت ڕێکەوتبوون ، بەوهۆیەشەوە .هێرشەکانی هانۆی پوچەڵکرانەوە، بەتەواوەتی لەمەیدانی باشووری ڤێتنام هێزە ئاسمانییە کانی ئەمریکا باڵا دەست بوو. بەرێوەبەرایەتی سیاسی و رامیاری بۆ ئەوەی لە

ململانێ و بەرەنگار بوونەوە دەربازی ببێ، بوودجەی تەرخان کردبوو. لەو پێوەندیەدا بەشێک لێکچوون دەچێتەوە سەر حیزبەکانی عێراق کە سەرۆک بۆش بەدەستی هێناوە وخۆی بەقەرزاری جێگرەکەی دەزانێ، ئەگەر وای لێبکات و زیاتر بەردەوام بێت رەنگە بەرەو ئەو گۆڵەی کە شیاو بێت بڕوات و جێگەی ململانێ نەمێنێتەوە، بەڵام لەوانەیە ناچاری دەکات کەزیاتر بەرێوەبەرایەتی بە بەشەکەی .ئێمە بدات، ئایا زیاتر پێویستمان بە چی هەیە کە پەرە بە هەردوو بەشی سەرۆکایەتی و کارەکانی داهاتوو بدەین؟!

**سەرچاوە: واسنگتۆن پۆست**



## زانستی سیاسەت و بەشە هاوپەیوەندیەکانی

وەرگێرانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی سێیەم

**C_ زانستی سیاسەت و ئابوری**

ئابوری زانستێکی کۆمەڵایەتیە لەچالاکیەکانی مرۆڤ سەبارەت بە سەروەت وسامان یان خۆشگوزەرانی مادی دەکۆڵێتەوە. پەیوەندی نێوان زانستی سیاسەت و ئابوری هەمیشە نزیک بووە. زانستی ئابوری نوێ تارادەیەکی زۆر لەلێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەربارەی ڕێگەکانی بەدەستهێنانی داهات بۆ دەوڵەت گەشەی کردووە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لەرابوردوودا زانستی ئابوری سیاسیان پێ دەگوت. بەڵام زانستی سیاسەت پێشکەوتنی خێرا و زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەو جۆرەی کە ئەمڕۆ دارایی گشتی تەنیا یەکێ لە لایەنەکانی ئابوری پێک دێنێ، بەم جۆرە، پەیوەندی نزیکی ئەم دوو زانستە کۆمەڵایەتیە هەروا بەردەوامە. بەبڕوای (بنی پراساد) ( Beni prasad)، جیا کردنی زانستی سیاسەت لەزانستی ئابوری، ئەو زانستە تووشی پەرت و بڵاوی دەکات. مێژگردی (کیمبریج) کە بە داخوازی یۆنسکۆ لەنیسانی ١٩٥٢ بەسترا، رای سپارد کە لەهەر قۆناغێکی خوێندندا دەبێ گرنگی بە پەیوەندی نەپچڕاوی زانستی ئابوری و زانسی سیاسەت بدرێت. لەلایەکی ترەوە، گوزارشتی یۆنسکۆ دەربارەی فێرکاری زانستی ئابوری پێشان دەدات کە ئابور زانان هاودەنگبوون لەسەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی تیۆری سیاسی و دامەزراوەکان دەبێ بەشێ لەپرۆگرامی خوێندنە ئابوریەکان بن. لەژیانی ئاڵۆزکاوی نوێ، پرسە سیاسیەکان، و هەروەها هەندێ لەتیۆریە سیاسیەکانیش، ئاوەها لەگەڵ ئابوریدا تێکهەڵکێشراون خوێندکاری زانستی سیاسەت دەبێ لەچەمکەکانی زانستی ئابوریش زانیاری بەدەست بێنێ. کاریگەری ڕەوشە ئابوریەکان لەسەر ژیانی سیاسی بۆ یەکەمین جار بەسووربوون جەخت کردنی زۆری (کارڵ مارکس) خرایە بەر توێژینەوە، پێش قەراوڵانی ئەو لەم لێکۆڵینە ئەرەستۆ،فیزیۆ کراتەکان و ئادام سمیت بوون. سیاسەتناس توێژینەوەی ژیانی ئابوری لەدوو بوارەوە ئەنجام دەدات، یەکەم، ڕێکخراوێ کە هەیەو کاریگەری گریمانە ئابوریەکان لەسەر ژیانی سیاسی، و دووەم، پاڵنەرانێ کە ڕێکخراو بەرەو پێشکەوتن دەبات. ئەگەر پاڵنەری ئابوری بەئەندازەی باش بەهێز بێت، دامەزراوەی سیاسی پابەندی حورمەتی ڕەفتارو ڕێچکەو ڕێبازی ئەو پاڵنەرە دەبێت.

کەم بوونەوە یان برانی خستنەروو (عرض) ڕەنگە زیان بە زۆری لەبەشەکای کۆمەڵگە بگەیەنێ، حکومەتەکان، لە ١٩٨٠ بەم لاوە، بەشێوەیەکی فراوان هەم لەگەڵ ئاسەواری شێوەی بەرهەمهێنان و هەمیش لەگەڵ مەرج و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا گیرۆدە بوون. ئەم کارە گوروتینی بە پەرەسەندنی چالاکی حکومەت کەهەم ئابوری و هەمیش سیاسیە داوە بیردۆزە جۆراوجۆرەکانی پەیوەند بە ئامانج و کارە تایبەتیەکانی حکومەت و نوێ سازیەکانیشیان، لایەن و نیشانەی ئابوری زۆر گرنگی هەیە. لەئەنجامی پەرەسەندنی ڕێبازی دیموکراسی نیاز بە گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنی نۆبە نۆبەییە (ادواری) هەڵبژێنەراتە، وادیارە خەڵک بێدار بونەتەوە و ئیتر سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابوریێ کە هەیە بەسیستەمێکی ئاسمانی و نەگۆڕ نازانن. خەڵک ئاگا بوتەوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیەک کە هەیە تارادەیەکی زۆر بەرپرسی دابەشکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیە و سەرچاوەی بەدبەختی ئابوری و نەبوونی دادی کۆمەڵایەتیە. ئەمرۆکە جیهان لە بەئاواتی خۆشگوزەرانی ئابوریدایە، و بۆیە دەکەوێتە ژێر تێبینیەکانی دەستوور و فەرمانە ئابوریەکانەوە کە شرۆڤەی هاتنە کایەی چەمکە تازەکانی تر دەکات، چەمکانێ وەک یەکسانی ئابوری، لانی کەمی خۆشگوزەرانی ئابوری، یەکسانی دەرفەتەکان، دیموکراسی پیشەسازی ، خۆماڵی کردنی ئامێرو کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە، دارشتن و بەرنامە ڕێژی دیموکراتیک بۆ خێرو بێرو ئابوری تێرو تەسەل، بەشداری کردنی کرێکاران لە بەڕێوەبردن، شتگەلێکی تری لەو چەشنانە لە باسە سیاسیەکاندا جێی لێکۆڵینەوەیە ئەمرۆکە هاوڵاتی هۆشمەند بەپێی چەمکی خۆشگوزەرانی مادی وشەو وتەکان هەڵدەسەنگێنن. خودی چەمکی دەوڵەتی (خۆشگوزەران) (دولت رفاه) پیشاندەری پێشبینی و ئارەزوەکانی خەڵکە لەحکومەت. بێ گومان ڕێکخراوی ئابوری نوێ کاریگەری لەسەر چالاکیەکانی ڕێکخراوە سیاسیەکان هەیە. لەلایەکیترەوە، حکومەت لەڕێگای کارگوزاریە ناچارکەرەکان و یاساکانیەوە، لەهەوڵ و تەقەلای ڕێکخستنی ژیانی ئابوریدایە. بەرژەوەندی و تیۆریەکانی چینە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگە لەژێر ناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵدا دەخرێتە بەر ڕاوێژو هەڵسەنگاندن و دادوەری جەماوەر. لەئاکامی قازانجە دژ بەیەکەکان لەنێوان گروپە ئابووریە جیاوازەکاندا، پێکدادانە سیاسیەکان پەیدا دەبن. حکومەتیش هەوڵ دەدات ئەم دژ بەیەکانە تارادەیەک کەپێی بکرێت، لەچاوچێوەی پێکهاتەی ئابوریەک کە لە کۆمەڵگەدایە هاوسەنگی بکات و لەنگەری ڕابگرێ.

**C_ زانستی سیاسەت و ئەخلاق**

ئەخلاق مامەڵە لەگەڵ هەڵسووکەوتی مرۆڤدا دەکات و ئەوەی کەدەبێ خەڵک ئەنجامی بدەن یان ئەنجامی نەدەن دیاری دەکات. ئەخلاق باس لەوەوە دەکات کە بۆ خەڵک دەبێ ئەوەی دروستە ئەنجام بدەن و ئەوەی دروست نیە و هەڵەیە نابێ ئەنجامی بدەن. ( ئەخلاق دەستوور و ڕێسایانی دادەنێ کە لەسەر هەڵسووکەوتی مرۆڤ لەژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری هەبێت، ڕێکدەخات و تۆماری دەکات. لێکۆڵینەوە لەسەر دروست و نادروستی هەڵسووکەوتی مرۆڤ دەکات و داخوازیە بەتەواوی باشەکان روون دەکاتەوە کەدەبێ مرۆڤ لەو ڕێبازانەوە هەوڵ بدات) لەلایەکیتری شەوە ئەم جۆرە پرسانە پەیوەندە بە ئاینەوە. بەڵام مرۆڤەکان پەیرەوی ئاینە جۆراوجۆرەکانن، و تەنانەت لەنێو پەیرەوانی یەک ئاینیشدا سەبارەت بەپرسە ئەخلاقیەکان ڕەنگە بۆچوونی جیاواز هەبێت لەبەر ئەمە، ڕوونکردنەوە دەربارەی بنەمای ئەخلاقی یان دەلیل مەنتقی هەڵسووکەوتی ئەخلاقی کەوتووەتە ئەستۆی فەلسەفەوە.

پەیوەندی توندوتۆڵی زانستی سیاسەت و زانستەکانی سەر بەئەخلاق پەیوەندی یاسا لەگەڵ ئەخلاقدا بەباشی پیشان دەدات. هەر دووی ئەم چەمکانە لەژیانی گروپە دێرینەکاندا بەشێوەی عورف یان داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەستاو دەست کراوە. لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت، و لەگەڵ دژ بەیەک و ناتەبایی میان بەرژەوەندی تاکی و گروپی، عرف و داب و نەریت لەیەک لاوەبووە هۆی پەیدابونی ئەخلاقی گشتی (یان یاسا). قبوولکردنی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە دروست یان نادروستی ماف و ئەرک لەرووی سیاسیەوە قبوڵ کردنێکی دیاری کراو و جیاوازە. لەگەڵ ئەمەشدا، پەیوەندی ئەم دوانە لەگەڵ یەکتردا نزیک مایەوە. ئەندێشە ئەخلاقیەکان لەئاکامی بەر بڵاو بوون و دەسەڵاتداریەتی خۆیدا بەشێوە یاسا بەرجەستە دەبن، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە ئەو یاسا ئەخلاقیانەی کە دەیانەوێ بەکاری بێنن و جێبەجێ بکەن قبوڵ نەکات، زوو بەزوو روت دەکرێتەوە و پشت گوێ دەخرێت. لەم ڕووەوە ئەخلاق و یاساش لەشی کردنەوەی و لێکۆڵینەوەی کۆتایدا، پایەدار نین و لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵگەدا گەش ناکەن: (بنەماو دەستوری ئەخلاقی لەگەڵ گۆڕانی ئەندێشەکان، لەگەڵ بەدەستهاتووکان، لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دەورو بەردا دەگۆڕێن و دەبێ بگۆردرێن.) یەکێ لە ئالیەتەکانی کۆمەڵگە بۆ هاندانی یەکە یەکەی ئەندامان کە بەدروستی رەفتار و کاربکەن، ڕای گشتیە کە بۆ سیاسەتناسان گرنگی زۆری هەیە، نموونەیەکی تر لەرێبازی ئەخلاقی کە پەیوەندی بەپرسی سیاسەتەوە هەبێت، چەمکی مافی سروشتیە کە دوو هەزار ساڵ بەسەر تێفکرین و بیرکردنەوەی ڕۆژئاوادا زاڵ بوو و بەپێوەری هەڵسەنگاندنی یاسا پەسەند کراوەکانی دەوڵەت کرا هەروەها، هاتنەکایەی مافی نێو نەتەوەیی گشتی، لەدەسپێکدا پەیوەند بوو بە هەوڵ و کۆششەکانی بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم کە دەیانویست ڕێگاو ئامرازی بێ بەزەیی سنوردار بکەن. کاریگەری ئەخلاق بووە هۆی مرۆڤ دۆستی یان ئەو ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و سیاسییەش بوو کە لە وتەی (مۆنتسکیۆ) ڕەنگی دایەوە: ( ئەگەر بزانم کارێ بەقازانجی وڵاتمە بەڵام بەزیانی ئوروپایە، یان بەقازانجی ئوروپایە بەڵام بەزیانی بەشەرە، بەراستی ئەو کارە بەگوناە و تاوان دەزانم.)پەرە سەندنی هەستە نەتەوە خوازیەکان بەهەستی بەشەر دۆستانە کۆتایی هێنا. وەفاداری بە گروپی نەتەوەیی ڕۆژ بەرۆژ سنوردارتر بوو ( باش یان خراپ وڵاتی منە). ( بیر کردنەوەی بێ تفاقی سەردەمی ئێمە سەبارەت بە پەیوەندی سیاسەت و ئەخلاق هۆی پەیدابوونی دژ بەیەک و ناکۆکی نێوان ناسیۆلیزمی توندرەوی نوێ و داب و نەریتە دێرینەکانی مرۆیە) بەرژەوەندی گروپی و پلەو پایە و فەرو شکۆی کەسیەتیش یەکێتی و یەکپارچەیی سیاسی رزاندەوە (فرسود است). ئەمرۆکە، سیاسەتمەداران بە رواڵەت جەخت لەسەر ئەخلاقە پەسەند کراوەکان لە سیاسەتدا دەکەنەوە، بەڵام کاری ئەوانە زۆربەی لەگەڵ ڕاگەیاندەکانیادا ناتەباو پێچەوانەیە.

**بەشی زانستی سیاسەت و ئەخلاق تەواو نەبووە.**

# دەروون دونیا

## قاهیرە سێ کوچکەی بەعس زیندوو دەکاتەوە

پیاوێکی یەهودی توندڕەو کەبەیەکێک لە لێکۆڵەرەوە باشەکانی ناو بزوتنەوەی زایۆنیزمی دەدەنرێ ناوی (زانکۆیل) بوو، پێی وابووە کە دەبێ (نیشتمانێکی بێ گەل) ئامادەبکرێ بۆ ( گەلێکی بێ نیشتمان)، بۆیە هەر لەکاتی هەڵبژاردنی خاکی فەلەستینەوە لەلایەن یەهودییەکانەوە، ئەو قسەیەی زانکۆیلیان کرد بەدروشمێک بۆخۆیان و دەستیان کرد بەکۆچ کردن بۆ (آرض المیعاد) وەکو خۆیان دەڵێن: ئەوان هەر لەوکاتەوە بڕیاری دەرکردنی عەرەبیان دا لەو خاکە. دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی کە گەلی فەلەستینی تووشی هات، دوای ئەو هەموو شەڕە شکست خواردووانەی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان لەگەڵ ئیسرائیل کردیان، هەر نەیانتوانی ئیسرائیل لاواز بکەن، بەڵکو ئێستا نیوەی عەرەب بوون بەجاشی ئیسرائیلی و ئەمریکا. دەبوایە بەرامبەر هیچ نەتەوەیەکی دیکە ئەوکارەیان نەکردایە، بەڵام دیارە ئەوان لەسەر هەمان ڕێبازی کۆن هەنگاو دەنێن و پێیان وایە کەدەستی عەرەب دەستی (فتوحاتە) بۆیە دەبێ نەتەوەکانی هاوسنوری عەرەب و ئەوانەی لەگەڵیان دەژین یاسای (تەعریب)یان قبوڵ بێت چونکە یاسای فتوحاتە. ئەم بیرکردنەوەیەی عەرەب وەکو زانکۆلی یەهودی دوو مەسەلەی گرنگ ڕون دەکەنەوە کە یەکەمیان بڕیاردانی سڕینەوەی سەرجەم بەها مێژوویی و کلتوری و زمانەوانی و نیشتمانی نەتەوەیەکە، دووەمیشیان زاڵکردنی بیری شۆڤێنی عەرەبییە بەسەر نەتەوەکەی دیکە. بەواتایەکی دیکە دەرپەراندن و کوشتن، یان تواندنەوەی نەتەوەو نیشتمان، لەبۆتەیەکی عەرەبیدا. بەراستیش لەعراق هەروایان کردو هەموو عەرەبیش بەبێ جیاوازی ئاین و مەزهەبەوە زۆر ڕازی بوون لەکارەکانی (بەعس) بۆیە بەوئاواتەوە کەهەرسێ کوچکەکەی بەعس (تەعریب، تەبعیس، تەرحیل) زیندوو بکەنەوە بانگەشەو دەعواتی کۆمەڵێ عەرەبی شۆڤێنی و کۆنە خۆفرۆش دەکەن بۆ قاهیرەو لەژێر ڕێنمایی کۆمکاری عەرەبی نەخشەو پلان دادەرێژن دژی سەربەخۆیی و دیموکراتیزەکردنی عێراق.. کۆمکاری عەرەبی و ڕۆشنبیرانی عەرەب ئەگەر مەبەستیانە خزمەت بە عێراق و گەلی عێراقی بکەن با پێش هەموو شتێک دان بەهەندێ هەڵەی مێژوویی خۆیاندا بنێن و مافی نەتەوەکانی دیکە لەبەرچاو بگرن و پێشێلی نەکەن با بەئاشکرا کۆبوونەوەکانیان ئەنجام بدەن و هەموو پێکهاتەکانی عێراق بانگهێشت بکەن بەبێ جیاوازی نەک لەقاهیرەش بەڵکو دەتوانن بێن بۆ بەغداو هەولێر هەتا فەرشی سور لەژێر پێیان ڕاخەن بەڵام دیسانەوە ڕەنگە ئەوان هەمان قەوانە کۆنەکە لێبدەنەوە ئەوەیان لەبیر چووبێتەوە کە بەئەسپێکی دۆڕاوەوە یاری دەکەن و هەوڵ دەدەن بەعس زیندوو بکەنەوە سەرنجامی ئەو هەوڵانە وەکو هەموو هەوڵێکی نەزۆک سەرکەوتوو نابێت و نزیک تریان دەکاتەوە لەو حوکمەی کە سەدام و هاوڕێکانی وەریانگرت.. دەبوایە ئەو لایەنانەی کە بانگهێشت کرابوون بەنهێنی بۆ ئەو دانیشتنانە پێشتر پلان و بەرنامەی کاری ئەو کۆبوونەوانەیان وەرگرتایە هەتا لەسەریان نەکەوێت و بە ئەندامێک لەو گروپە شۆڤێنیە دانەنرێن بەتایبەتیش ئەوانەی کە ئەمرۆ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.